پارتێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەندام لە هاوپەیمانی سەربەخۆخوازانی ڕۆهەڵاتی کوردستان وەرگیرا.

هاوپەیمانیی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
The Coalition for Independence for Eastern Kurdistan
Hawpeymaniy serbexoxuazani rojhelati Kurdistan

هاوپەیمانی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٤ی جۆزەردانی ٢٧٠٩ ی کوردی ٢٥.٥.٢٠٠٩ ی زاینی، لە لایەن هەردو و حیزبی سەربەخۆخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بریتین لە پارتی سەربەستیی کوردستان و کۆمەڵە: پارتی سوسیالدیمۆکراتی کوردستان دروستبووە.

ئەو هاوپەیمانییە خاوەنی بەرنامەو پرۆگرامی تایبەتە بە وەرگرتنی ئەندامی نوێ. پارتی لیبراڵدیمۆکراتی کوردستان لە پاش خوێندنەوەی بەرنامەو پرۆگرامی ئەم هاوپەیمانییەو داواکردنی بۆ بە ئەندامبوون، سەر ئەنجام لە ڕێکەوتی ١٣ی جۆزەردانی ٢٧١١ی کوردی٢٠١١/٦/٣ زاینی لە لایەن هەردو حیزبی ناوبراوی پێکهێنەری ئەم هاوپەیمانییە، پاش هەڵسەنگاندنی کارو چالاکی و بەرنامەو پرۆگرامی پارتی لیبرالدیمۆکراتی کوردستان، ڕەزامەندی لە مەر وەرگرتنی ئەم ئەندامە نوێیە دوولایەنە واژۆ کرا.

ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی هاوپەیمانی نوێمان پارتی لیبرالدیمۆکراتی کوردستان دەکەین و بە خێرهاتنی گەرمیان پێ دەڵێن بۆ نێو ئەو هاوپەیمانییە.

هاوپەیمانی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بریتین لە
پارتی سەربەستیی کوردستان.
کۆمەڵە: پارتی سوسیالدیمۆکراتی کوردستان
پارتی لیبراڵدیمۆکراتی کوردستان

ئەمەش دەقی ئەو ڕەزامەندی نامەیە کە بۆ پارتی لیبراڵدیمۆکراتی کوردستان نێردراوە.

هاوپەیمانیی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
The Coalition for Independence for Eastern Kurdistan
Hawpeymaniy serbexoxuazani rojhelati Kurdistan

**بۆ بەڕێز پارتی لیبرال دیموکراتی کوردستان**

سەبارەت بە نامەکەتان بە مێژووی ٢٠١١/٦/١ بۆ بەئەندامبوون لە " بەرەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان" کە دیارە مەبەستتان لە "هاوپەیمانیی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان"ـە، ئێمە بە خۆشحاڵییەوە بەخێرتان دەهێنین بۆ ئەندامێتی لە "هاوپەیمانیی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" دا و هیواداریین خەبات و کارتان بۆ بەهێزکردنی ئەو هاوپەیمانێتیە هەمیشە بەردەوام بێت.

ئێمە دڵنیاین کە پێداگرتن لە سەر ستراتیژیی کوردستانیانە و سەربەخۆییخوازانە دەتوانێت خەباتی ئازادیخوازانە و مافخوازانەی گەلی کوردستان زۆر باشتر و سەقامگیرتر و بەهێزتر بەرەو پێشەوە ببات.

ئەگەرچی ئەو خەباتە تا ئێستا لە ڕووی ڕێکخراوەیی و ڕابەرایەتییەوە لاواز بووە و لە ژێر فشار و دژایەتیکردنی گەورەدا بووە، بەڵام وەکو هیوا و ئارەزووی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەمیشە هەبووە و زیندووبووە و بە زیندوویش دەمێنێتەوە.

ئەرک و کاری ئێمە ئەوەیە کە خودئاگا و پلانبۆکراو و بە شانازیی و سەربەرزییەوە، بێ هیچ جۆرە سڵ و ترس و دوودڵییەک، ڕووخسار بەو خەباتە بدەین و بەرەو سەرکەوتنی ببەین.

خەباتی بێووچان و گیانفیدایانە و دڵسۆزانەی بە سەدان هەزار لە تێکۆشەرانی کوردستان ئەو ڕاستیەیان سەلماندووە کە خەباتی هەرە زۆرینەی تێکۆشەران بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی نەتەوەیی و نیشتیمانیی بووە و دەبێت. کاری ئێمە بۆ ڕێکخستنێکی کوردستانیانە و ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان بە دڵنیاییەوە بە ئەنجامی دروستی خۆی دەگات.

دووبارە بەخێرتان دەهێنین و لای خۆمانەوە پیرۆزبایی بەئەندامبوونتان لێ دەکەین

**هاوپەیمانی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

پارتی سەربەستیی کوردستان

کۆمەڵە - پارتی سوسیالدیمۆکراتی کوردستان

٢٠١١/٦/٣

بۆ زانیاری زیاتر لە سەر هاوپەیمانی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەردانی ئەم لینکەی خوارەوە بکەن.

http://www.psk2006.org/alliance.php

ناوەندی هەواڵ و ڕاگەیاندنی پ س ک. www.psk2006.org pskhewall@gmail.com

٢٠١١/٦/٥